ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
37
10 ی حوزەیران/ جون 2022

**هەڵبژاردن دەست بۆ پایەی سیستەمی سیاسی و چینایەتی نابات، بەڵکو لە مەترسی شۆرش دەیپارێزیت!**
**بژاردەی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، بەشداریکردن لەگاڵتەجاری هەڵبژاردنی حزبە مافیایی و دزەکاندا نییە، بەڵکو راماڵین و سپاردنی تۆمەتبارانیانە بەدادگای عادلانەی جەماوەری!**

# شەڕی ئێران و ئیسرائیل لە هەولێر!



## موحسن کەریم

ماوەیەکە کوردستانی عێراق بوەتە گۆرەپانی پروپاگەندەی جەنگی نێوان ئێران و ئیسرائیل. لەدوای تەقینەوەکەی چەند رۆژی رابردووی هەولێر، میدیاکانی ئێران رایانگەیاند کە بەرپرسی دەزگای مۆساد لە هەولێر کوژراوە. وتەبێژی حکومەتی هەرێم حزب اللەی عێراقی، کە یەکێکە لە میلیشیاکانی سەربەئێران، بەئەنجامدانی تەقینەوەکە تاوانبارکرد. چەند مانگ لەمەوبەریش ئێران خۆی راستەوخۆ ماڵی( شێخ باز بارزانی) بەرێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای "کار"ی پارتی بە مووشەک وێران کردو رایگەیاند کە بارەگای مۆسادی لە هەولێر وێران کردوە!

ئەم پروپاگەندەیەی ئێران، بە رواڵەت وادەردەکەوێ کە لەبەرامبەر بە هێرشەکانی ئیسرائیلدایە بۆسەر بنکەو پێگە سەربازیەکانی ئێران لە سوریا و هەرەشە بەردەوامەکانی ئیسرائیل بۆ هێرشی ئاسمانی بۆسەر ناوەندە ئەتۆمیەکانی ئێران و هەروەها لەم دواییانەشدا تیرۆرکردنی چەند بەرپرسێکی دەوڵەتی ئێران و سوپای پاسداران لەناو تاراندا کە بەرپرسیارێتیەکەی لەلایەن ئێرانەوە دەخرێتە ئەستۆی مۆسادی ئیسرائیلی. ئێران ئەگەرچی تا پێش هێرشە مووشەکیەکەی بۆسەر ماڵی بەرێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای کار زیاتر لەلایەن گروپە چەکداریە شیعەکانی سەر بەخۆیەوە هێرشی مووشەکی یان کاری تەقینەوەی لەدژی بنکەو دامەزراوە سەربازی و دیپلۆماسیەکانی ئەمریکا لە عێراق ئەنجام دەدا، بەڵام چەند مانگە ئاراستەی هێرشەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو بۆسەر بوونی ئیسرائیل لە هەرێمی کوردستان گۆریوە.

بۆ لاپەرە ٢



# بزوتنەوەی گۆڕان لەبەردەم پرۆژەیەکی شکستخواردودا!

## عوسمان حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٣



# رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرانیدا

## جەمال موحسین

بۆ لاپەرە ٤



# کارەباش دەدرێت بە کەرتی تایبەت!

## مستەفا باهیر

بۆ لاپەرە ٦



# لەخواستی هەرزانکردنی بەنزینەوە بۆ خواستی دابینکردنی ژیان!

## ڕێبوار عارف

بۆ لاپەرە ٨

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی... شەڕی ئێران و ئیسرائیل لە هەولێر!

ئەوەی کە ئێران و ئیسرائیل ناکۆکی و بەرژەوەندی دژ بە یەکیان هەیە مەسەلەیەکی واقعیەو تازە نیە. بێجگە لە بانگەشەکانی رژێمی ئیسلامی ئێران دژی زایۆنیزم و رزگارکردنی قودس بۆ قایمکردن و رەواییدان بەپێگەی خۆی لەناو رەوت و بزوتنەوە ئیسلامیەکاندا، هەمیشە لەڕێگای میلیشاکانی خۆیەوە لە سوریا و لوبنان مایەی نائارامی و سەریەشە بووە بۆ ئیسرائیل. میلیشیاکانی حزب اللەی لوبنان ڕاستەوخۆ سەر بە ئێرانەو وەکو حەسەن نەسروللای سەرۆکی حزب الله خۆی ڕایگەیاند جل و بەرگ و خواردن و چەک و مووچە و هەموو شتێکیان لە ئێرانەوە پێدەگات! بەڵام هۆکار و ئامانجی ڕاستەقینەی گواستنەوەی گۆڕەپانی شەڕەکەی ئێران و ئیسرائیل بۆناو هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی بەئامانجگرتنی هەولێر لەلایەن ئێرانەوە ئەوە نیە کە خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن.

بوونی دەزگای مۆساد لە هەرێمی کوردستان شتێکی تازە نیە تا ئێستا ئێران بیەوێ ڕێگای پێنەدات. لە دوای روداوەکانی ساڵی ١٩٩١ ی کوردستانی عیراق و باڵادەستیی ئەمریکا و (CIA) لە کوردستانی عێراق و خزمەتکاریی حزبە دەسەڵات پێدراوەکانی بۆرژوازی کورد، دەزگای مۆسادیش دەرگای بۆ کراوەتەوە. بگرە دەزگای میتی تورکی و ئیتلاعاتی ئێرانی و چەندین دەزگای جاسوسی دیکەی وولاتان لە کوردستانی عێراق بە نهێنی و ئاشکرا چالاکی دەکەن. بەڵام گواستنەوەی جەنگی ئیعلامی ئێران دژی ئیسرائیل بۆ کوردستانی عێراق و بە دیاریکراوی بۆ هەولێر، لەناو بنبەستی پرۆسەی سیاسی عێراق و گیرخواردنی قەیرانی حکومەتی و پێکنەهاتنی حکومەتی عێراق و هەروەها دابەشبوونە سیاسیە تازەکانی ناو هێزە سیاسی و میلیشیاییەکانی عێراق و هاوپەیمانیەکانی هێزو میلیشیا دەسەڵاتدارەکانی کوردستانە لەگەڵ ئەو هێزو میلیشیایانەدا.

دوای نزیکەی ٩ مانگ لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی عێراق هێشتا هێزە میلیشیایەکانی عێراق نەیانتوانیوە لەناو خۆیاند ڕێکبکەون و حکومەت پێک بهێنن. هۆکارێکی گرنگی ئەم بنبەستە، کە ڕاستەوخۆ ئاکامی بۆگەنبوونی ئەوەی پێی دەوترێ پرۆسەی سیاسی عێراق و هەروەها داشکانی پێگەی جەماوەری ئەو هێزە میلیشیاییانەیە کە سەرەنجام لە روداوەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ خەڵی عێراق لێیان ڕاپەڕین و مێزی قومارەکەیان لێ هەڵگێرانەوە، لێکترازانی ئەو هێزانەو دابەشبوونیانە بەسەر دوو بەرەی دژ بەیەک، ئەمریکا و ئێران، کە لەدوای روخانی رژێمی سەدامەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەوان بە کردەوە دەسەڵاتداری عێراقن. بەتایبەتی دوای ئەوەی موقتەدا سەدر قیبلەی خۆی لە ئێرانەوە بەرەو نەجەف وەرگێڕا تا وەکو هێزیکی سیاسی عێراقی خۆی نمایش بکات و ببێتە مەرجەعی شێعە لە عێراق و میراتگری ئەو داهاتە زۆروزەبەندەی لەو بازرگانیە دینی و سیاسیەدا دەتوانێ بەدەستی بهێنێ، کە سەرەنجام خۆی لەناو بەرەی وولاتانی عەرەبی دژ بە ئێران بینیەوە کە لەبەرەی ئەمریکا هەژماردەکرێن.

دوورکەوتنەی سەدر لە ئێران و لاوازبوونی پێگەی سیاسی ئێران لەناو ڕەوتی ئیسلامی سیاسی شێعە کە بەشێوەی تەقلیدی لەلایەن ئێرانەوە هەژمونی فکری و سیاسی و بگرە سەربازیشی بەسەرەوە بوو، هەروەها ڕێکەوتنی پارتی لەگەڵ سەدرو حەلبوسی وەکو نوێنەری هێزو میلیشیا سونەکان، کە ئەم هاوپەیمانێتیە وەکو بەرەیەکی نەیاری ئێران دەردەکەون، بەتەواوی ئێرانی ناڕەحەت کردوە. ئێران بەهەر نرخێک بووە دەیەوێ ئەم سیناریۆیە ڕوونەدات! دەیەوێ ئەو ڕێکەوتن و هاوپەیمانێتیەی نێوان پارتی و سەدر هەڵوەشێنێتەوە. باشترین کەرەستەش بۆ ئەو کارەی بوونی پێگەی ئیسرائیل و زایۆنیزمە لەناو هەرێمی کوردستان و لە هەولێر. قبوڵکردنی بوونی پێگەی ئیسرائیل لەناو عێراق پرسێکی زۆر هەستیارە چ بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی و چ بۆ ئیسلامی سیاسی عەرەبی بە شێعەو سونیەکەیەوە! بوونی ئەمریکا کێشەیەکی ئەوتۆ دروست ناکات، بەڵام بەحوکمی کێشەی تەقلیدی نێوان عەرەب و ئیسرائیل و مانەوەی کێشەی فەلەستین، پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل چ لەباری جەماوەری و ڕای گشتی وولاتانی عەرەبیەوەو چ لەلایەن هێزەو ڕەوتە ناسیۆنالیستی و دینیەکانەوە پرسێکی هەستیار و خەتەرناکە. سەدر ناتوانێ لەبەر پێگەی سیاسی و جەماوەری خۆی ئەم مەسەلەیە بەسادەیی وەربگرێت و لەگەڵ هێزێکدا هاوپەیمانی دروست بکات و حکومەت پێکبهێنێ کە لەگەڵ ئیسرائیل و مۆسادادا دۆستایەتی بکات! ئێران ئەو کەیسەی بەدەستەوە گرتوەو پڕوپاگەندەی بوونی بارەگای مۆساد لە هەولێر و مووشەکبارانکردنی هەولێر بەناوی لێدان لەو بارەگایانە ئامانجەکەی بەشکستکێشانی ئەو گرێبەستەی نێوان پارتی و ڕەوتی وسەدرە!

☆

**لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری ناڕازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو و میحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پێبهێنێ، بەڵکو سیستەمێک لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنێ کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنێ.**

# بزوتنەوەی گۆڕان لەبەردەم پرۆژەیەکی شکستخواردودا!

عوسمان حاجی مارف

دوای چەندین ساڵ لە هەڵسورانی سیاسی جەلال تاڵەبانی کە خۆی لەبەرامبەر دژایەتی کردنی بارزانی و پارتیدا پێناسە دەکرد، هەوڵێکی زۆری دا تا هاوسەنگی هێزەکەی بەرێتە پێش هێزو نفوزی بارزانیەوە، تا ببێتە هێزێک کە وەک خاوەنی یەکەمی بزوتنەوەی کوردایەتی بناسرێتەوە، بەڵام ئاشکرایە لەوبارەیەوە کە مەوقعیەتی هێزەکەی تاڵەبانی بە هەر پلەو ئاستێک پێناسە بکرێت، بێ هودەو ناکام و دەستبەتاڵ لەبەردەم بارزانیدا مایەوەو نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، تا ئەو ئاستەی دواتر ناچاربوو بە پێشوازیکردن لە سازش و ڕێکەوتن و ملکەچی بۆ قەبوڵکردنی مەوقعیەتی پارتی.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم هەنگاوی ناچارییەی ملکەچی تاڵەبانی بۆ بارزانی درزێکی گەورەی خستە ناو ڕیزەکانی یەکێتیەوە، دیارترینیان نارەزایەتی نەوشیروان بوو کە ئەم پاشەکشەیەی تاڵەبانی بە قازانجی ئایندەی زۆنی سەوز نەدەبینیەوە، ناچار لەسەرەتادا جۆرێک لە گۆشەگیری پیادە کردو دواتر هەنگاوی بەرەو پێکهێنانی بزوتنەوەی گۆڕان کردە پرۆژەیەک، کە بە شێوازێکی تر لە هەڵسورانی سیاسی بەردەوامی بە ڕێبازی پێشوتری تاڵەبانی بدات بۆ وەستانەوە لە بەرامبەر بارزانی و پارتیدا.

ئەوەی پێویستە لەم نوسینەدا بەکورتی ئاماژەی پێ بدەم، بەجیا لەوەی هەر تێگەیشتن و وێنایەکمان لەسەر دەورونەخشی بزوتنەوەی گۆڕان و کاریگەریەکانی و چەواشەکاریەکانی هەبێت، تاتێوەگلانی ئیسلامیەکانیش لەو پرۆژەیە، بە بۆچونی من هەر لەسەرەتاوە ڕۆشن بوو پرۆژەیەکی لەم چەشنەی نەوشیروان هەر مەبەست و نیازێکی لە پشتەوە بوبێت بەشکستخواردویی لەدایک بووە، چونکە شەخسی یەکەمی یەکێتی و یەکێک لە شەخسیەتە ئەوەڵەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، واتە تاڵەبانی دوای چل ساڵ زیاتر لە هەڵسورانی سیاسی لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، بنبەستی خۆی ڕاگەیاندو دەستبەرداری ئەو ستراتیژیە بوو کە هەوڵیداو دەیویست بارزانی کەنار خات و خۆی ببێتە کەسی یەکەمی بزوتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی عێراقدا، بەڵام دواجار دیمان تاڵەبانی هەر بۆ خۆشی ئەوەی ڕاگەیاند کە لەو دژایەتی کردنەی بارزانیدا هەڵەی کردووە.

بۆیە پرۆژەیەکی لەو چەشنە پاش چل ساڵ لە هەوڵی بێهودەو شکست و پەشیمانی تاڵەبانیدا، بۆ نەوشیروان نەک ئاسان نەبوو کارێکی لەو چەشنە درێژە پێبدات و بەسەرکەوتنی بگەیەنێت، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە حەتمیەتی شکستی خۆی مسۆگەر کردبوو، بە تایبەتی لەهەلومەرجی ناجێگیری سیاسی کوردستان و باڵا دەستی بارزانی و پارتی وەک پایەو پێگەیەکی بەهێز لەدەسەڵاتی سیاسی و زۆنی زەرد لە کوردستاندا، جێگای بەجێگەیاندنی ئامانجی پرۆژەکەی نەوشیراونی تیادا نەدەبوەوە.هەر بۆیە سەرەتای نیشانەو هەنگاوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و ئاراستەی کۆتاییەکەشی بە شکستێکی ئابڕوبەرانەو زوو خۆڕادەستکردن بە پارتی پێشبینی دەکرا، هەر ئەو کاری خۆڕادەستکردنەشیان بە پارتی بەهەرزان و زوویی ئەنجام دا. واتە مێژووی پاشخانێکە بە دوای باڵا دەستی و گوندەیی بارزانیەکان بەسەر بزوتنەوەی کوردایەتیدا سەپاندویانە و خۆیان تیا جێگیر کردووە بوونەتە خاوەنی هێزی یەکەم، هیچ فرسەتێکیان نەهێشتەوە تا بەشێکی تر لە ڕابەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە هەر گروپ و ڕێکخراوو کەسایەتیەک توانای ئەوەیان هەبێت بە ناوی کوردایەتیەوە دەوری بارزانی لابخەن و جێگەی بارزانی بگرنەوە. ئەمە بەجیا لەوەی مێژویەکی تاڵە بۆ ململانێی نێوان هێزو لایەنەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەڵام لە هەمانکاتدا واقعیەتێکیشە بۆیان ئاسان نەبووە قەبوڵی بکەن و هەمیشە سەرکێشیان کردووە، بۆیە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی مەوقعیەت و ئاستی هاوسەنگی هێزەکانیان لە بری بەدواداچوون بۆ ئامانج و خواستی دەسەڵاتی خەڵک، هەموو کات بەشکست و بەخۆڕادەستکردن بە بارزانی پەردەی شانۆیی پرۆژەکانیان دادەرێتەوە.

گەر ئەو پاشخانە بنەماو واقعیەتی بەڵگە نەویستی شکستی پرۆژەی بزوتنەوەی گۆڕان بێت، لە هەمانکاتدا دەستپێکی چۆنیەتی کارەکەشیان ناواقع بینانەو مامەڵەیەکی نەگونجاویان خستەڕوو، بۆ گۆڕانێک کە مەبەستیان بوو لەدەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا ئەنجامی بدەن. گەر تاڵەبانی لەڕێی هێزی چەکداری و شەڕی ناوخۆو دەسەڵات لە زۆنی سەوزدا ئەو هەوڵەی دابێت و سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بزوتنەوەی گۆڕان لە ڕێگەی پەرلەمانێکی فۆرماڵی و کارتۆنیەوە ڕێگای ئەو ململانێیانەی گرتەبەرو بانگەوازی "ئەیگۆڕین"یان دەکرد، بەوشێوەیە ئومێدیان بە جەماوەرێکی نارازی بەخشی، کەچی لە ماوەی دوو دەورەی پەرلەماندا "ئەیگۆڕین" بەسەر خۆیاندا شکایەوەو بوونە خاوەنی ڕابەری شەقامی ئارام بۆ دەسەڵاتی بارزانی، ئەم ئاراستەیە مایەی لەدەستدانی جەماوەرەکەیان بوو.

خاڵێکی تر لەم شکستەی گۆڕان کە جێگای

⇐

وورد‌بونەوەیە، جگە لە سەوداوماملە بێهودەکەی ناو پەرلەمان، چەند دروشمێکیان ڕاگەیاند کە کاریگەری لەسەر زهنیەتی خەڵک داناو جێگای پێشوازی خەڵک بوو، دەربارەی بودجەو شەفافیەت و یەکگرتنی هێزی چەکداری و چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی..هتد، بەم دروشمانەوە چەپڵەی بەرەو دەسەڵاتیان لێ ئەدا، دواتر گەورەترین پاشەکشەو ریسوایەک کە بزوتنەوەی گۆڕانی لە ئێستادا پێ دەناسرێتەوە، بێدەنگی و فەرامۆشکردنی تەواوی ئەو بانگەوازو خواستانە بوو کەوەک مەزەی دروشمی ئەیگۆڕینەکەیان دەرخواردی خەڵکیان ئەدا. بودجە لە شوێنی خۆیەتی و بارزانی بەئارەزوی پێداویستیە سیاسیەکان و بنەماڵەکەی زیاتر یاری و مامەڵە بە بودجەوە دەکات، ناشەفافیەت حەتمیەتی وەرگرتووە و قسەکردن لەسەری بقەیە، یەکنەگرتنی هێزی چەکداری و نایەکریزی "کورد" بە فەرمی دەناسرێت و گەندەڵیش تابێت بەرفراوانتر دەبێت، چاکسازیش بۆتە دەسەڵاتی ڕەهای بارزانی. واتە دروشمەکانی گۆران بە هێلێکی تەواو پێچەوانەدا داکشاو بێشەرمانەو بەبێدەنگی قەبوڵیان کرد، وەگۆڕان بووە ئەو بەشە لەدەسەڵات، کە لە ناڕەزایەتیە جەماوەریەکاندا ئاڵا شینەکەی چووە ریزی بەرمیلە ڕەنگکراوەکان کە پاڵیان پێوە دەنرا، وەک هێمای خواستی خەڵک بۆ کۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتەو پێکهاتەکانی.

بزوتنەوەی گۆران زوو هەڵوەری و زۆر بچووک بۆتەوە، تەنها دوکانێکی لاکۆلانیان ماوە کە بەشێک لەسەرکردەکانیان خۆیانی پێدەژێنن، ئەمەش ئاینەدەی هەموو ئەو هێزانەیە کە بۆ ڕکابەری لەبەرامبەر بارزانیدا بە هەوای کوردایەتی و نیشتمان پەروەری و دڵسۆزترو ڕاستگۆترو بوێرتر خۆیان پێناسە دەکەن.

رێگای ڕزگاری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمدیدەی کوردستان کوردایەتی نیە، سەربەخۆییە لە تەواوی ئەو هێزو لایەنانەی بانگەوازی کوردایەتی و ئیسلامی سیاسی دەکەن، ئەوە تەنها دابینکردنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خەڵکە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە کە ئەتوانی کۆتایی بەدەسەڵاتی بارزانی و هەردەسەڵاتێکی سەرو ئیرادەی جەماوەری ناڕازی بهێنێت و ئازادی و یەکسانی جێگیر بکات.

# ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرانیدا!

## جەمال موحسین

ئاماژەکان پێمان ئەڵێن پێناچێ هەرگیز دەسەڵات دیاریەکی جوانی بۆ خەڵکی بێبەش پێبێت! ئەوەتا یەکێکی تر لە بارگرانیەکان، گرانبوونی نرخی خۆراک و سووتەمەنی و دەرمان و پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانی خەڵکی کوردستانە. بەجیا لەوەی کە لە ماوەی ٢_٣ ساڵی پێشوودا هەمیشە نرخی شتومەک بەرەوسەر هەڵکشاوە، ئێستاش چەند قات زیادی کردووە. تازەترین پەیامی دەسەڵاتیش، لەزاری سەرۆکی حکومەتەوە، ئەوەیە کە: ''بەرزبوونەوەی سوتەمەنی و خواردن بابەتێکی جیهانیە و پێویستە خۆمان لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخەکان بگونجێنین'' (سەرچاوە: هاولاتی). چەند بیانویەکی جوان بۆ دەسەڵات و ڕەزاگرانە بۆ جەماوەری بێبەش! جیهانیە، با بزانین چۆن وە خۆ لەگەڵدا گونجان یانی چی؟

سەرەتا با ئەو بنەما گشتیە بڵێین کە گرانی لەگەڵ سیستمی سەرمایەداری و قەیرانەکانیدایە و بە واتایەک سەرمایەداری بەبێ گرانی ناژی. گەر تەماشای سەردەمی کۆرۆنا بکەین، وە ئەوەی کە بۆرژوازی جیهانی بە قەیرانی کۆرۆنا ناویان ئەبرد وە لە ڕاستیدا جگە لە درێژەکێشانی قەیرانێکی سەراپاگیری ئابوری کە تەواوی بۆرژوازی و سیستمی سەرمایەداریی جیهانی لە پێشترەوە گرتبۆوە هیچی تر نەبوو، بە ڕۆشنی ئەوە ئەبینین کە باشترین بیانوی پەتاکەیان بە دەستەوە بوو تاکو نرخی شتومەک بەرزبکەنەوە. جگە لە مەترسی واقعی ڤایرۆسی کۆرۆنا، خەڵکیان هێندە ترساندبوو کە ناچار بوون بە هەر نرخێک ئامرازەکانی خۆپاریزی و پاکوخاوێنی بکڕن کە هەر خۆیان نرخەکانیانی فراندبووە ئاسمان. ئەوەی بۆ خەڵک بووبووە شتێکی گران و بە زەحمەت بەدەستهاتوو، بۆ هەندێ ملیاردێر بووبووە قازانجی چەندی ملیار دۆلاری تر!

بەڵام خۆ هێشتا مەترسیەکان و لێکەوتەکانی کۆرۆنا نەڕەوییوە و نەڕەویتەوە کە شەڕێکی خوێناوی لە ئۆکرانیا هەڵگیرساوە. واتە لەگەڵ قەیرانێکی قولدا جەنگیشی هاتە سەر، کە پریشکەکەی هەموو جیهانی گرتۆتەوە. ئیتر قەیران و جەنگ دوانەیەکن کە وەک زەروریەک کەوتونە گیانی کۆمەڵگەی بەشەری و خەریکن بە گرانی دائەوەشێنن. یانی هەروەک چۆن قەیران بۆ سەرمایەداری حەتمیە، ئاواش لە سەردەمی قەیران و جەنگدا گرانی حەتمیە. هەروەک ئەبینین بە هۆی چوونە سەری هەڵاوسانەوە لە ئاستێکی جیهانیدا نرخی سوتەمەنی و خۆراک و دانەوێڵە و ... هتد خۆی لەگەڵ هەورەکاندا جووت کردووە. تەنانەت مەترسی دەستنەکەوتنی خۆراک هەڕەشە لە زیاد لە ملیار و نیوێک ئینسان ئەکات (بەپێی دوایین وتەی سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان)... بەهەرحاڵ مەسەلەی هەڵاوسان و پەیوەندی بەچوونەسەری نرخی شتومەک و گۆڕانی بەهای دراوەکان و بانکەکان باسی ئەم وتارەمان نییە و

مەسەلەیەکی ریشەییتر و پایەییترە و شرۆڤەیەکی زیاتر هەڵئەگرێ کە جێی ئێرە نییە.

گرانی کە لە ئاستی جیهانیدا زیادیکردووە کاریگەریەکی زۆری لەسەر کوردستانیش داناوە. کوردستان خۆی بازاڕێکی وابەستەیە بە بازاڕی جیهانەوە. ولاتانی زلهێز کە هەر خۆشیان سەرچاوەی شەڕ و ئاشوب و میلیتاریزەکردنی جیهانن، رووبەڕووی قەیرانی زیاتر و هەلاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی شتومەک ئەبنەوە، ئەمە ئەگوێزنەوە بۆ ولاتانی تر، بە تایبەتی ولاتانی هەژار و تازەپێگەیشتوو. کوردستانیش یەکێکە لەوانە. کەواتە بەڵێ ئەوە هۆکارێکە کە گرانی شتێکی جیهانیە و کاریگەریەکانیشی لەسەر کوردستان رەنگیداوەتەوە. ئیتر ئەمە حیکمەتیک نییە مەسرور بارزانی بە خەڵکی بفرۆشێ تاکو قسەی دواتری بکات!

لەگەڵ ئەوەشدا گرانی هەر تەنها ئەو رەهەندە جیهانیەی نییە و لە ناوخۆشدا هۆکار هەیە. ببینن، لە کوردستاندا لەرووی سیاسیەوە دەسەڵاتێکی دامەزراو لەئارادا نییە و ئەوە چەند کۆمپانیایەکن کۆنترۆڵی هەموو شتێک ئەکەن. ئایا بازرگانی و هاوردەکردنی خۆراک و هەر پێداویستیەکی ژیانی خەڵک لە دەرەوە بە دەست کێوەیە؟! کێن ئەو کۆمپانیا گەورە و گچکانەی کە لە کرینی لە کۆمپانیا گەورەکانی ولاتانەوە تاکو هێنانەناوەوەی سەر سنور و دواتر گەیاندنی بە ناوەندە بازاڕیەکانی ناوخۆ و تا گەیاندنی بە دەستی خەڵک کۆنترۆڵی ئەمەیان کردووە؟ تەواوی ئەو کۆمپانیایانە بە ورد و درشتیانەوە بە دەستی دەسەلاتداران و بەرپرسانی حزبەکانیان و بگرە بەرپرسانی حزبە بەناو نەیارەکانیشیانەوەن. هەمووان ئەزانین کە پەیمانکاری هەیە لەنێوان ئەو کۆمپانیایانەدا. هەر کەلوپەل و شتومەکێک بێتە ناوەوە، دەستاودەستی پێوە ئەکەن تاکو ئەگاتە دەستی خەڵک، هەر یەکە و قازانجێکی ئەخاتە سەر و سەرئەنجام کۆتانرخ زۆر گرانتر ئەبێت لەوەی لە بنەڕەتدا پێی کردراوە. بۆ نمونە بەنزین یان جۆرێک خۆراک یان دەرمان کۆمپانیایەکی گەورە ئەچێت لە ئێران یان لە تورکیا، یان لە ئەوروپا و لەرێی تورکیاوە، ئەیهێنێت و ئەیدات بە کۆمپانیایەکی تر و بەوجۆرە سێ چوار ئەڵقە دروست ئەکات تا ئەگاتە خەڵک. ئیتر هەر کۆمپانیایەک پارەیەکی زیادەی ئەخاتە سەر و بەمجۆرە نرخەکەی زۆر بەرزئەبێتەوە چونکە قابیلی یاری پێوەکردنی کۆمپانیاکانە.

کەوایە لێرەدا پێویستە بە کاکی بارزانی بڵێین کە مەسەلەکە تەنها جیهانی نییە و بگرە ناوخۆییشە! ئینجا پرسیار ئەوەیە کە خەڵک بۆچی لەگەڵ قازانجی ئێوەدا خۆی بگونجێنێ؟ قازانجی ئێوە و زەرەری خەڵک. زۆرینەی خەڵک بێبەشە. بەم لۆژیکە: هەمیشە نەهامەتی لای چینی ژێرەوە زۆرترە وەک لەوەی مرۆڤایەتی لای چینی باڵادەست هەیە! ئیتر ئەمە مۆراڵی نییە و سیستمێکە کە لێرە کار ئەکات. ئێمە پێویستمان بە خۆگونجاندن نییە لەگەڵ گرانیدا، بگرە پێویستمان بە خەباتە لە دژی، پێویستمان بە رووبەڕووبوونەوەیەتی. ئەگەر بمانەوێ گرانی نەمێنێت، پێویستە ئەم دەسەلاتە کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتی و گرانیەکیشە، نەمێنێت. دەسەلات و حکومەت هی سەرمایەدارانە و بۆ ئەوانە، هەر بڕیارێک دەربکات و هەر وتەیەک بدات ئەبێ لەوسەرەوە قازانجێکی بۆ ئەوان تیا بێت کە بێگومان بە زەرەری کەمەرشکێن بۆ خەڵک تەواو ئەبێت. کلیلی چارەسەری بنەڕەتی ئەوەیە ئەم دەسەلاتە بڕوات. لە جێگەی ئەو دەسەلاتی بنیاتنراو لەسەر دەخالەتی راستەوخۆی خەڵک دابمەزرێ. دەسەلاتێکی سۆشیالیستی کەلەژێر سایەیدا پێداویستیەکانی ژیانی خەڵک وەک ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و تەندروستی و هاتوچۆ و خوێندن و پەروەردە و .... خۆرایی بکاتەوە. بەلام ئایا ئەکرێ تا کاتێک ئەمە بە ئەنجام ئەگات چاوەڕوان بین؟ هەرگیز نا.

جەماوەری بێبەش ئەتوانن بێنە مەیدان و داخوازیەکانی خۆیان بسەپێنن. یەکەمین مەسەلەیەک کە ئەتوانن بەدەستیەوە بگرن ئەوەیە پەیمانکاری نێوان کۆمپانیاکان هەڵبوەشێتەوە، یانی ئەو کۆمپانیا ناوەنجیانەی کە سەر بە حکومەت و بەرپرسەکانن نابێ بمێنن. چ کۆمپانیایەک لە بنەڕەتدا کالا و شتومەک و خۆراک و سوتەمەنی ئەهێنێت کێشە نییە، بەلام بە دەستی کێ ئەگات ئەوە مەسەلەیەکی ئەسڵیە. هەر کالا و شتومەکێک کە دێتە ناوەوە ئەبێت بدرێتە دەست ئۆرگانەکانی نوێنەرایەتی خەڵک. ئەمان ئەتوانن و پێویستە لەشێوەی کۆمەڵەی هەرەوەزیەکاندا وەریبگرن و دابەشی بکەنەوە بەسەر جەماوەری دەستەنگدا. یانی ئەم کۆمەڵە هەرەوەزیانە هیچ وەساتەتێک ناکەن و هیچ قازانجێکی ناخەنە سەر و بە هەمان نرخێک کە وەریانگرتووە ئەیدەنەوە بە خەڵکەکە. ئەمەش بزووتنەوەیەکی دەخالەتگەری لەخوارەوەی کۆمەڵگەیە لە کاروباری ئیداری و ئابوری و بژێویدا. بەلام تا کاتێکیش کە هێشتا ئەمە واقعیەتی پەیدا نەکردووە، ئەبێ بە ناڕەزایەتیەکانی خەڵک، دەسەلات ناچار بکرێ کە کۆمپانیا وەسەتیەکان نەهێڵێ و هەر خۆی بە نرخێک کە وەریگرتووە بیداتەوە بە خەڵک. بۆ نمونە کاتێک نرخی نان بەرزئەبێتەوە لەبەرئەوەیە کە هەم سوتەمەنی و هەم نرخی ئارد و خومرە و پێداویستیەکانی تریش بەرزبۆتەوە. نان کە یەکێک لە پێداویستیە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی ئێمەیە نابێ بهێڵرێ نرخەکەی زیادبکرێ، لەم دۆخەدا کە چەندین فشاری تری لە چەشنی نەدان یان دواکەوتنی موچە و نەبوونی هیچ بیمەیەک بەسەر خەڵکەوەیە. ئەرکی دەسەلاتە کە پێداویستی نانەواخانەکان بە نرخێکی رەمزی دابین بکات تا ئەوانیش بتوانن بە نرخێکی

هەرزان بیدەن بە هاوڵاتیان. لە راستیدا دابینکردنی سوتەمەنی بە خۆرایی هەم بە گشتی بۆ خەڵک و هەمیش بۆ شوێنە بەرهەمهێنەرەکان ئەرکی حکومەتە، چونکە سوتەمەنی بناغەی هەموو شتەکانی ترە. بەمجۆرەش تێچووی بەرهەمەکان کەمتر ئەبێت و ئیمکانی ئەوە نادات بە بازرگانەکان هێندە نرخی شتومەک بەرزبکەنەوە. ئەمەش لە کوردستاندا ئیمکانی هەیە ئەگەر لە دەستی حکومەتێکی خەڵکیدا بێ. وە هەر ئێستاش حکومەت ئەتوانی و پێویستە ئەو کارە بکات لەبەرئەوەی نەوت کە سەرچاوەیەکی سەرەکیە لەم وڵاتە، ئەکرێ بەشێکی بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی خەڵک بێ، پاشان هەناردەی دەرەوە بکرێت. بەڵام دیارە دەسەڵات ئەو کارە ناکات چونکە خۆی موستەفیدە لێی. لێرەدایە پێویستە بگەڕێینەوە لای دەسەڵات و بپرسین کە بۆچی خەڵک هێشتا زیاتر خۆی لەگەڵ گرانیدا بگونجێنێ؟ کە بە رۆشنی دیارە مەبەستی دەسەڵات شکاندنەوەی زیاتریەتی بەسەر خەڵکدا.

هاوشانی خەباتی خەڵک بۆ سەپاندنی ئەو ئەرکەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا بەسەر دەسەڵاتدا، خەڵک پێویستە خواستی بەرزکردنەوەی کرێ و موچە بەدەستەوە بگرێت. ئێمەش پێویستە فشاری هەمەلایەنەی دەسەڵات پێچەوانە بکەینەوە. هێندە ئیمکانیەت و پارە لەم وڵاتەدا هەیە، کە هەمووی لای سەرمایەدارانی دەسەڵات و غەیرە دەسەڵات کۆبۆتەوە، کە بتوانرێ لانی کەمی کرێ و موچە بەرزبکرێتەوە بۆ ملیۆنێک، بۆ نمونە، بۆ خێزانێکی ٣ نەفەری. نەک وەک ئێستا کە لانی کەمی کرێ بە ٣٥٠ هەزار دینار دانراوە. ئاخر ئەگەر لانی کەمی موچە بە ملیۆنێک دابنرێ بەڵام هێشتاش پێش بە پێشبڕکێی کۆمپانیاکان بۆ زیادکردنی نرخ نەگیرابێ، فشارەکە بڕێک کەمتر ئەبێ لەسەر خەڵک.

ئێستا کە نارەزایەتی خەڵک بەرووی دەسەڵاتدا لە هەموو ئاستێکدا هەیە و ئەبینرێت، پێویستی بەوەیە داخوازی رۆشن و ئاسۆیەکی روون هەبێ. نارەزایەتی جەماوەری ئەگەر رێکخراو بێ، توانای سەپاندنی داخوازیەکانی هەیە، لەلایەکەوە و ئەشتوانی جوڵانەوەیەک بەرێبخات بۆ سەندنەوەی رەوایەتی لە دەسەڵاتی داسەپاو. وە سەرئەنجام بەرەو وەلانانی دەسەڵات و بنیاتنانی دەسەڵاتێکی تر لەسەر بنەمای دەخاڵەتی راستەوخۆی کرێکاران و جەماوەری بێبەش کە کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو ئابوریەکی سۆشیالیستی و ئازادی و یەکسانی ببات. رابردوو و ئێستاش بۆرژوا ناسیۆنالیزمی کورد دیاریکردووە، بەڵام جوڵانەوەی شۆرشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێبەشان ئەتوانێ نەخشاندنی ئایندەیەکی گەش بکاتە کاریکی کردەنی!

★

---

# کارەباش دەدرێت بە کەرتی تایبەت!

**مستەفا باهیر**

زیاتر لە ٣٠ی ساڵە حزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان بە هاوکاری و یارمەتی حزبە ئیسلامیەکان، دەسەڵاتدارن لە کوردستان. ساڵ لەدوای ساڵ حزمەتگوزاریەکانی وەک (کارەبا، ئاو، ئاوەرۆ، تەندروستی، پەروەردە، رێگاوبان ، سوتەمەنی..هتد)، لە خراپەوە بۆ خراپتر دەڕوات. بۆیە ئەمەش دەکەن تاوەکو هەموو سێکتەرە خزمەتگوزاریەکان بکەن بەکەرتی تایبەت و کۆمپانیاکانی خۆیان سودمەند بن لێی.

ئەگەر سەیری پایەتەختی هەرێمی کوردستان بکەین کە حزبە دەسەڵاتدارەکان شانازی پێوەدەکەن و بەدەستەخۆشکی پاریسی دادەنێن. لە وەرزی زستاندا لە یەکەم بارانبارینیدا بەهۆی خراپی ئاوەڕۆوە ساڵانە لافاودەبێت. چەندەها کەس دەبن بە قوربانی. لە وەرزی هاوینیشدا کەمئاوی بوە بەگەورەترین کێشەی خەڵکی هەولێر، بەتایبەتی گەڕەکە هەژار نشینەکان، تاوەکو ئێستا دەسەڵاتداران دەستیان بۆ هیچ چارەسەرێک نەبردوە. بێگومان لە هەولی ئەوەدان ئەمیش بدەن بە کەرتی تایبەت، وەک چۆن کاتێک کە ویستیان سێکتەری تەندروستی بدەن بەکەرتی تایبەت، سەرەتا کەوتنە فەرامۆشکردنی خەستەخانە حکومیەکان، تاوەکو خەڵک ناچاربێت بۆئەوەی چارەسەرەوەرگرێت روو بکاتە خەستەخانەی کەرتی تایبەت. ئێستا لە کوردستان وای لێهاتوە ئەگەر نەخۆشکەوتیت و پارەت نەبوو دەبێت چاوەڕوانی مەرگ بکەیت. سێکتەری پەروەردەشیان بەهەمان دەرد بردوە، ئێستا قوتابخانە تایبەتەکان لەگەڵ قوتابخانە حکومیەکان جیاوازیێکی زۆری هەیە. ئەوەی کەمێک ئیمکاناتی هەبێت منداڵەکانی دەخاتە قوتابخانەی تایبەت. بەردەوام ئەم حزبە دەسەڵاتدارانە سێکتەری خزمەتگوزاری بەتەواوی فەرمۆشدەکەن بۆئەوەی بدرێن بە کەرتی تایبەت، سودمەندی سەرەکیش لەمە تەنها پارەدارو کۆمپانیا حزبیەکانە.

ماوەی زیاتر لە ٣٠ ی ساڵە رۆژانە قسەی لەسەر کارەبا دەکرێت. ساڵانە لەکاتی وەرزەکانی سەرما و گەرمادا، بڕی پێدانی کاتژمێرەکانی کارەبا لەهەرێمی کوردستان بەرەو کەمبوونەوەیەکی بەرچاو دەڕوات و بەتێپەربوونی چەندین کابینە و پاش چەندین بەڵێن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، هێشتا پرۆسەی پێدانی کارەبای نیشتمانی بە هاوڵاتیانی هەرێم ساڵ لەدوای ساڵ کەمتر

دەبێت، کابینە لەدوای کابینە بەڵێن دەدەن بۆ چارەسەرکردنی بەڵام تاوەکو ئێستا نەک چارەسەرنەکراوە، بەڵکو ساڵ لەدوای ساڵ کارەبای نیشتمانی بەرەو خراپتر دەڕوات.

بەگوێرەی ووتەی وتەبێژی وەزارەتی کارەبا ، هەرێمی کوردستان پێویستی بە٤٥٠٠ بۆ ٥٠٠٠ هەزار میگاوات کارەبا هەیە ، بەڵام لە ئێستادا تەنها ٢٧٠٠ میگاوات بەرهەم دەهێنرێت. کە دەکاتە نیوەی پێویستی بەکارهێنەرانی کارەبا. لەگەڵ دەستبەکاربونی وەزیری کارەبای هەموو کابینە یەک لەدوای یەکەکان، بەڵێن دەدەن بەچارەسەرکردنی ئەم کێشە مۆزمینە. ئەوەتا وەزیری کارەبای ئەم کابینەیە "کابینەی نۆ " (کەمال محەمەد ساڵح ) جێبەجێکردنی پرۆژەی پێوەری زیرەک بە بەشێک لە چارەسەرکردنی کێشەی بەردەم سێکتەری کارەبا دەزانێت و لەمبارەیەوە دەڵێت: "گرێبەستی پێوەری زیرەک لە ساڵی ٢٠١٧ واژۆکرا کە لەبەر چەند هۆکارێک ڕاوەستا، بەڵام لە مانگی هەشتی ٢٠١٩ دەستکرا بە جێبەجێکردنەوەی و تا ئێستا لەهەموشارەکانی کوردستان بەشی زۆری پێوەری زیرەک دانراوە، دانانی پێوەری زیرەک سەدا٨٠ی کێشەی کارەبا چارەسەر دەکات، چونکە بە پلەی یەکەم زیدەڕۆیی لەسەر کارەبا ناهێڵێت".

بەڵام ئێستا هەموو خەڵکی کوردستان دان بەو ڕاستیەدا دەنێن کە پێوەری زیرەک نەک نەبوە هۆی باشترکردنی کارەبا بەڵکو خراپتربوو. بۆ نمونە لە مانگی کانووی دووهەمی ساڵی ٢٠٢٢ لەبەشی زۆری گەڕەکەکانی شاری سلیمانی مولیدە ئەهلیەکان ڕۆژانە زیاتر لە ١١ کاتژمێر کارەبایان داوە، هەموو ڕۆژێکیش سەرلەبەیانیان ٤ کاتژمێر کارەبا نەبوە،زۆریک لە شەوانیش کارەبا نەبوە. هەرچەندە وتەبێژی وەزارەتی کارەبا دەڵێت ڕۆژانە ١٠ بۆ ١٢ کاتژمێر کارەبای نیشتیمانیمان داوە، بەڵام بە هەمو حسابێک وەزارەتی کارەبا ڕۆژانە لە ٥ بۆ ٦ کاتژمێر زیاتر کارەبای نەداوە لەو ماوەیەشدا چەندینجار دەکوژێتەوە.

بۆیە جەنابی وەزیر کەمال محەمەد ساڵح ئەمجارە بە ڕاشکاوی ووتی "چارەسەرکردنی کۆی کێشەکە لەرێگای کەرتی تایبەتەوە دەبێت". لەوبارەیەوە و دەڵێت: "کارەبا چوار سێکتەری سەرەکییە کە بریتیین لە بەرهەمهێنان، گواستنەوە، دابەشکردن و کۆنترۆڵکردن، وەکو وەزارەتی کارەبا دەتوانم بڵێم لە سێکتەری بەرهەمهێنان سەدا ٨٥ی کەرتی تایبەتە، هەروەها وێستگەکانی ماس، کار و قەیوان بری پێنج هەزار و ٥٠٠ میگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنن، بەڵام سێکتەری دابەشکردن زۆر پێویستە ئەویش بکەین بە کەرتی تایبەت، دوای دانانی پێوەری زیرەک ئەوا دابەشکردنی کارەباش دەبێت بە کەرتی تایبەت و چارەسەرکردنی دروستیش ئەمەیە".

هەربۆیە دەسەڵاتدارن بەرەو جێبەجێکردنی ئەو پیلانە دەڕۆن کە زۆر دەمێکە نەخشەیان بۆ کێشاوە، ئەویش بەتایبەتکردنی سێکتەری کارەبایە. بۆ ئەم مەبەستەش هەرئێستا پرۆژەی بەتایبەتکردنی کارەبا بۆئەوەی بدرێت بە کەرتی تایبەت، هەموی تەواو بووەو لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندایە بۆ واژۆکردن لەسەری، بەبۆچونی من لەم ماوەیەدا واژۆی لەسەر دەکرێت. چونکە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەیانتوانی و دەتوانن کێشەی کارەبا چارەسەر بکەن ، چونکە ئەوەتا خودی وەزیر دەڵێت " ئێمە ژێرخانیکمان هەیە کە دەتوانین بڕی ٦٧٠٠ میگاوات کارەبا بەرهەم بهێنین، بەڵام بەهۆی نەبونی سوتەمەنیەوە ناتوانین ئەو برە بەرهەم بهێنین"

لە ڕاستیدا جیگای پرسیارە دەسەڵاتێک کە خۆی نەوت و غاز بەرهەم دەهێنیت نەتوانیت لە ماوەی ٣٠ی ساڵی دەسەڵاتداریەتیدا ئەو کێشەیە چارەسەربکات و سوتەمەنی دابین بکات بۆ وەزارەتی کارەبا. ئاشکرایە ئەمەیان بۆیە نەکردوە تاوەکو کارەباش وەک سێکتەرەکانی تەندروستی و پەروەردە بەتەواوی بدەنە کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکانی خۆیان سودمەند بن لێی و خەڵکی هەژاری کوردستانیش ئەگەر پارەیان نیە وەک چۆن منداڵەکانیان ناتوانن لە قوتابخانە تایبەتەکان بخوێنن، وەک چۆن نەخۆشەکانیان چارەسەر ناکرێن و دەبێت چاوەڕوانی مەرگ بکەن، ئاواش دەبێت بە تاریکی ڕۆژ بکەنەوە ،چونکە کارەبا دەدرێت بەوکەسانەی کە خاوەن پارەن. خەڵکی کوردستان ئەگەر دەیانەوێت ( کارەبا،ئاو، موچە، تەندروستی ، ڕێگاوبان ، دادگای دادپەروەر، پەروەردە) و هەمو خزمەتگوزاریەکانی باشبێت و دەستیپێیان بگات، دەبێت ئەم دەسەڵاتە وەلانێن، چونکە تاوەکو ئەم حزبانە دەسەڵاتداربن لە کوردستان، ژیانی خەڵکی خراپتر دەبێت، باشتر نابێت.

**لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری ناڕازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو و میحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پیبهێنێ، بەڵکو سیستەمێک لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنی کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنێ.**

# لەخواستی هەرزانکردنی بەنزینەوە بۆ خواستی دابینکردنی ژیان!

ڕێبوار عارف

زۆربەمان ئاگادارین یەک ساڵی ڕابردو بەشێوەیەکی بەرچاو کێشەی گرانی نرخی بەنزین و خراپبوونی کواڵێتیەکەی بووتە گرفتێکی گەورە کە بەرۆکی بە ژیان و گوزەرانی شۆفێر تاکسیەکان گرتووە، بەتایبەتی ئەمە لەکاتێکدایە کە کێشەیەکی تری سەربار ئەوەیە کە نرخی بەنزین دەچێتە سەرەوە، نرخی هاتووچۆکردنیش بەهەمانشێوە بۆ ئەو هاوڵاتیەی کە گرفتاری هەژاری و بێکاری و نەبوونی مووچەن، ئەوەندی تر تەنگ بە ژیان و گوزەرانیان هەڵدەچنرێت.

ئەمرۆ لەگەل بەرزبوونەوەی نرخی بەنزیندا ئیتر ئەم کێشەیە سنووری تەنیا شۆفیرەکان و ئەم بەشە لە ژیانی هاولاتیانی تیپەراندوە، ئەوەتا کاتیک کە ئیمە شاهیدی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزینین دەبینین کە کار بەشوێنێک گەشتووە شۆفیرەکان بەناچار نرخی هاتوچۆ گرانتر دەکەن، وەک ئەوەی کە ئیستە لە هەندی خەتی پاسەکانی نیو شاری سلیمانیدا بەدی دەکەین، کەچۆن لە ٥٠٠ دینارەوە بوو بە ٧٥٠ دینار کە دیارە ئەمەش باجەکەی هاولاتیان و خەلکی هەژار دەیدات!

روالەتی باسەکە ئەوەیە کە گوایە لەم یەک دوو ساڵەی رابردودا برێک نرخی بەنزین چوتە سەرەوە، بەلام هەقیقەت ئەوەیە کە ئەمە دوورە لە راستیەوە، چونکە کێشەی بەنزین لایەنی کەم لە ساڵی ٢٠١٩ وە بەهۆی گرانبوونی بەنزین لە ئێران و ئاودیوکردنیەوە، ئیتر چووەوە قوناغێکی ترەوە هەنگاو هەنگاو کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لە کوردستانشدا داناو دواتر ساڵ بەساڵ ئێمە کاریگەریەکانی ئەم بەرزبوونەوەی ئەو نرخەمان بینیەوە، کە چۆن لە ٤٠٠ دینارەوە بۆ ٤٥٠ دینار تا گەیشتە ١٠٠٠دینار و زیاتر.

دیارە کێشەی گرانبوونی بەنزین ئەگەر لە پاڵ گرانی و بێکاری و هەژاری و بێمووچەی و نەبوونی سووتەمەنی و ئاو کارەباو گەلێک خزمەتگوزاری تری ژیانی رۆژانەماندا بەراوردی بکەین ئیتر لە گرفت و نیگەرانیەکانی تری پشت ئەم حالەتە باشتر تێدەگەین!

بەلام ئەوەی کە تائیستە باسی دەکەین لەراستیدا تەنیا دیویکی وێنەکەیە لەسایەی ئەم گەندەڵی و بە قاچاخ فرۆشتنەی نەوت و بازارگەرم کردنی بازرگان و کۆمپانیەکانیاندا، لەسەرو هەمووشیانەوە شانخالی کردنەوەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و کۆی لایەنە بەرپرسەکان لەمبارەوە ئەوەندەی تر دەرفەتی بۆ قولبوونەوەی ئەم قەیرانە دروستکراوەو کاریگەریەکانی لەسەر ژیان و گوزەرانمان داناوە.

ئێمە لە دوو ساڵی رابردودا لەزۆربەی هەر زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا دەنگی نارەزایەتی خەلک و شۆفێرەکان و مانگرتن و گردبوونەوە جادە گرتن و خۆپیشاندانمان بینیوەتەوە کە لەهەندی شوێن و لە هەندێ کاتدا کاریگەریەکانی ئەو جولانەوانەمان بینیوەتەوەو ئەوەی کە هەموومان هەستی پیدەکەین بوونی جولانەوەیەکی خۆرسک و خۆبەخۆیە لەنێو ریزی شۆفێرەکاندا کە دەیانجار بەشێوازی جیاواز نارەزایەتی خۆیان دەربریووە.

ئێمە تەنیا لەشاری سلیمانی لە یەک ساڵی رابردودا زیاتر لە دە جار نارەزایەتی و جادە گرتن و مانگرتنی شۆفێرەکانمان لە دژی گرانکردنی بەنزین و کەمکردنەوەی دابەشکردنی لە بەنزینخانەکاندا بەدی کردوە، کە کاریگەریەکانی لە چەند مانگی رابردودا بە هاتنە سەرخەتی پاریزگارو قایمقامیەتی شارو نوینەرانی لایەنە بەرپرسەکان بەدیکردووە لەهەندیک حالەتدا دەستکەوتی کاتی و پاشەکشەگەلیک لەلایەن لایەنە بەرپرسەکانەوە بینیووە لە چەشنی دانانەوەی بەنزینخانەکان لە دەرەوەی شارو دواتر هێنانەوەیان بۆ نێو شارو بەرێکردنی سیستەمی تاک و جووت بۆ دابەشکردنی بەنزین.

ئیستا دۆخەکە بەرەو کوێ دەچێت و شۆفێرەکان پێویستیان بەچییە بیکەن ؟

ئەوەی ئێمە لە یەک ساڵی رابدوردا لە ریگەی دەزگانی راگەیاندن و سوسیال میدیاوە گوێبیستی دەبین، بەردەوامی و فراوانبوونەوەی ئاستی نارەزایەتیەکانە لە شارەکانی دهوک و هەولێر، کەرکوک، سلیمانی و هەڵەبجەو گەرمیان و راپەرین و ساروشارۆچکەکانی کوردستان لەکات و رۆژی جیاوازدا. بەلام کیشەکە ئەوەیە سەرباری هەموو ئەم هەولانە، هێشتا نە نرخی بەنزین دابەزیوەو نە کوالێتیەکەی چارەسەرکراوەو نە هیچ ریگەچارەو بەرپرسیاریتیەکیش بۆ ئاوردانەوە لە ژیان و گوزەرانی ئەو هەزاران شۆفێرە دۆزراوەتەوە.

پرسیار ئەوەیە کە ئایا کێ دەبێت چارەسەری کێشەی ئەم شۆفێرانە بکات و چۆن نرخی بەنزین هەزار دەکریت؟!

خۆشخەیالی و رەنج بەخەساردانە گەر پێمانوابێت دوای ئەم هەموو چاوەروانی و بەڵێنە درۆینانە لایەنە پەیوەندارەکان و حکومەت و کۆمپانیەکانیان بەنیازی چارەسەرکردنی هیچ کام لەم کێشانەن، راستیەکەی ئەوەیە کە ئەوان خۆیان خولقێنەری ئەم بارودۆخەن و هەر خۆشیان بەهەر شێوەیەک کە بیانەوێت یاری بەژیان و چارەنوسمان دەکەن.

راستیەکەی ئەوەیە تەنیا ریگە هەر ئەوەیە کە شۆفێرەکان خۆیان لە هەولی یەکگرتوویی و خۆرێکخستن و دروستکردنی دەستەو کۆمەڵەکانی خۆیاندا

بن. هەروەکو چۆن لە چەند مانگی رابردودا لە سلێمانی ئەو دەستەی شۆفێرەکان دروست بوو کە چەندین گردبوونەوە خۆپیشاندان و مانگرتن و جادەگرتنیان بەرپاکردو دواجار توانییان لایەنە بەرپرسەکان بهێننە سەر خەت و هەندێک بەڵێن بەسەریاندا بسەپێنن.

دەبێت ئەوەش بڵێین کە لە پال هەموو هەولو تەقەلاکانی ئەم دەستەیەدا، هێشتا گەلێک هەنگاوی جدی ماوە کە ئەم دەستەیە درێژەی پێبدەن و ببنە هەوێنی ئومێدێک بۆ هەموو شۆفێری تاکسیەکانی نێو شارو دەوربەری شارو بگرە سەراسەری کوردستا، چونکە کێشەی شۆفێرانی تاکس تەنها کێشەی گرانبوونی نرخی بەنزین نیە، بەڵکو کێشەی دابینبوونی ژیانە. ئەوانیش وەکو بەشی زۆری خەڵکی کوردستان بەدەست هەژاری و نەبونیەوە دەناڵێنن. بۆیە نارەزایەتی شۆفێرانی تاکسی دەبێت لە خواستی هەرزانکردنی بەنزین زیاتر بەولاوە بروات و خوستی دابینبوونی ژیان و گوزەران ببێتە سەرلەوحەی خەبات و نارەزایەتیەکانیان. لەوبارەوە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێگای تایبەتی پەیدا دەکەن لەخەباتی شۆفێرانی تاکسیدا:

یەکەم دەکرێت وەک چۆن لە ئێستەدا ئەو دەستەیە دروست بووە، هەوڵ بدرێت لەهەموو گەرەک و ناوچەیەکدا بەهەمان شێوە کۆمەل کۆمەل شۆفێرەکان لەدەوری یەک کۆبکەنەوە دەستەی شوفێری تەکسیەکانیان لێدروست بکەن، بۆ بەدواچوون و تاوتوێکردن و راوێژکردنیان لەسەر هەنگاو بەهەنگاوی بەرەوپێشچوون و بەردەوامبوونی کارەکانیان.

دووهەم شۆفێرەکان دەتوانن لەهەموو رێگەو رەوشێک سوودمەندبن بۆ بەهێزکردنی جولانەوەکەی خۆیان و فراوانکردنەوەی بازنەی نارەزایەتیەکانیان. لە چەشنی دیداری کۆرۆکۆمەل و رێکخراوە کرێکاریەکان، لە چەشنی دیدارو کۆبوونەوە لەگەل نوێنەرانی شارەوانی و قایمقامیەت و پاریزگاری شار ، لە چەشنی دروستکردنی تۆری زانیاری و بەدواچوون لەسەر هەر رووداو کێشەکی نیو شۆفیرەکان و کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان.

دەکرێت ئەوەش بڵێن ئەگەر بێتو هەوڵ و تەقەلایەکی لێبراوانە هەبێت بۆ دروستکردنی ئەم دەستەوتۆرانە، ئەوکاتە دەکرێت لە رێگەی کۆبوونەوە دیاریکردنی نوێنەرانی ئەم دەستانەوە کۆبوونەوەی گشتی ئەنجام بدرێت و نەخشەو پیلانی هەنگاو بەهەنگاوی چۆنیەتی بەرەوپیش چوونی کارەکان و ئامادەکردنی ماتریالی ریکخرابوونیان تاوتوێ بکەن و بەم شێوەیە خۆیان بەهێزبکەن، لە ئاستێکدا بتوانن وەلام بەو کێشانە بدەنەوە کە ئەمرۆ بەرۆکی بە ژیانی شۆفێران گرتووە.

خالێکی تری گرنگی ئەم دەستانە خۆگریدانەوە و پەیوەندیەکی توندوتۆلە بە دەستەی نارەزایەتیەکان و ئەو رێکخراوانەی کە هەرئێستە لەهەولی یەکخستن و یەکگرتنی چین و توێژەکانی تری کۆمەلگادان بە مەبەستی سەروسامانداندان بە نارەزایەتیەکانیان و فراوانکردنەوەی بازنەی تیکۆشانیان!

کارێکی تری یەکجار گرنگ سەراسەری کردنەوەی جولانەوەکەیان و پەیوەستدانەوەی هەموو تۆرو دەستەکانە لە نێوان هەموو شارو شارۆچکەکاندا. کە لە راستیدا بەم کارە نەک تەنیا دەتوانن خۆیان یەکجار زیاتر بەهێزبکەن بەڵکو بەکردەوە دەتوانن کاریگەریەکی یەکجار زۆریان لەسەر هێنانە مەیدانی دەنگی نارازی ئەو خەڵکە لە نێو شارو شارۆچکەکانیشدا هەبێت.

بە کورتی ئەزموونەکانی تائێستە پێماندەلێن تەنیا رێگەیەک کە لەبەردەم شۆفێرەکاندا وەک بەشێک لەخەلکی کرێکارو زەحمەتکیشدا هەیە، ئەوەیە کەچۆن و لە چ ریگەیەکەوە دەکرێت ئێمە بەماف و دواکاریەکانی خۆمان بگەین، کە بیگومان ریکخراوبوون و یەکگرتوویمان تەنیا رێگەی چارەنووسازە بۆ دەربازبوون لەهەموو ئەم نەهامەتی و برسیەتی و نەداری و کەلەکە بوونی گیروگرفتی ژیانی رۆژانەمانە.

**ڕەوتە بۆرژوازییە نارازی و ئۆپۆزیسیۆنەکان لە هەوڵی ئەوەدان خواستی جەماوەر بۆ ئاڵوگۆڕ، لە ناو ئاسۆی تەنگی ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتیدا قەتیس بکەن. بۆ ئەم چەواشەکارییە بانگەوازی خەڵک دەکەن کە ڕوو بکەنە سندوقەکانی هەڵبژاردن. بەڵام خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم ڕێگایە ئەزمونیان هەیە. ئەو ئەزمونە نیشانیداوە کە نەسەرخستنی هیچ حزبێک بۆسەر کورسی پەرلەمان و دەسەڵات و نە گۆڕینی دەموچاوەکانیش هیچ لە ڕەوشی ژیان و بێدەرەتانی خەڵک ناگۆڕێت، ئەمە ڕێگایەک نییە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج و داخوازییەکانی جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەیە کە دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستا لە ڕیشەوە هەڵپێچێ و سیستەمێکی دیکەی دەسەڵاتداریێتی پشت بەستو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک لە جێگای دامەزرێنێ. بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، ئەگەر لەدەوری ئاسۆیەکی ڕون بۆ هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە و بەرپاکردنی بەدیلێکی شۆڕشگێڕانە تەوەرە ببەستێ، هەوێنی ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕانەیەیە.**

بەشێك لە بەڵگەنامەی": کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئیستایە!"
پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزب کانونی یەکەمی ٢٠٢١

# دەستگیرکردنی هەڵسوڕاوان نیشانەی فەشەلی دەسەڵاتدارانە لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا!

چەند ڕۆژ لەمەوبەر شۆفێرانی تەکسی لەبەرامبەر گرانبوونی نرخی بەنزیندا، لەبەردەم پارێزگای سلێمانیدا دەستیان دایە خۆپیشاندانێک وڕێگای سەرەکیان بەست وڕایانگەیاند کەچیتر گرانبوونی نرخی بەنزین قەبوڵ ناکەین ودەبێ دەسەڵاتداران سنورێک بۆ ئەم یاریەی کۆمپانیاکان دابنێ وچارەیەک بۆ کێشەکەیان بدۆزێتەوە، بەڵام ئەوە هێزە ئەمنیەکان بوون کە وەڵامی داوای شۆفێرانی تەکسیان بەسەرکوتی خۆپیشاندانەکەو دەستگیرکردنی هەڵسوڕاوان وزیندانی کردنیان دایەوە ولەئەنجامدا هەریەکە لە کۆسالان حەمە ڕەشید، حاجی دارەوان و خەسرەو کەریمیان، دەستگیرکرد. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە دەسەڵاتداران لەفەشەلو بن بەستدان وتەنها وەڵامیان بەژیانو گوزەران وداوای خەڵکی کەم دەرامەت، دەستگیرو زیندانی کردنی هەڵسوڕاوانی نارەزایەتیەکانە، تالەم ڕێگایەوە خەڵکی کوردستان لەبیدەنگیدا ڕابگرن. لەدۆخێکدا کە هاوڵاتیانی کوردستان گیرۆدەی دەیان گرفتی نەبونی و بیکاری و کەمی خزمەتگوزاری ونەدانی موچەو ناعەدالەتیەکی ئاشکرابونەتەوە، ناچارن بۆ بەرگرتن بەفشارەکانی حکومەت وئەو دۆخە ناهەموارەی بەسەریاندا داسەپاوە، دەست بۆ نارەزایەتی بەرن تا لانی کەم بەرگری لەژیانی خۆیان بکەن، بەمجۆرەش خۆپیشاندانی شۆفیرانی تەکسی لەدژی گران بوونی نرخی بەنزین کردەیەکی ڕەواو بەرهەقەو هیچ پاساوێکی دەسەڵاتداران وهێزە ئەمنیەکان هەڵناگرێ. هەربۆیە دەستگیرکردن وزیندانی کردنی کۆسالان حەمە رشید، حاجی دارەوان و خەسرەو کەریمی، کارێکی سەرکۆتگەرانەو دژی خەڵکیە.

ئێمە لەگەڵ ئەوەدا ئەم کارە بەتوندی ئیدانەو سەرکۆنەدەکەین ولەکەنار هەولو تێکۆشانی جەماوەری نارازیدا ڕادەوەستین، هاوکات داوادەکەین دەستبەجی گیراوەکان ئازاد بکرێن. بێگومان حکومەت و دەسەڵاتێک ئەگەر نەتوانێ وەڵام بە داخوازی بەرهەقی هاوڵاتیانی ژێر دەستی خۆی بداتەوە، نەک هەر مافی دەستگیرکردنی هەڵسوڕاوانی نیە، بەڵکو هێندەی تر شەرعیەتی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و زیاتریش لەگەڵ تورەیی خەڵکی مەحروم بەرەوڕو دەبێتەوە. خەڵکی نارازی کوردستان، دەبی بەخەباتی یەکگرتوانەی خۆیان وتوندکردنەوەی فشارەکانیان لەسەر دەسەڵاتداران و هێزە ئەمنیەکان ئەم جۆرە مامەڵە دژی ئازادیانەی دەسەڵاتداران ناکام بکەنەوە.. ئازادی بۆ کۆسالان حەمە ڕەشید و حاجی دارەوان و خەسرەو کەریمی..

کۆمیتەی سلێمانی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
٢/٦/٢٠٢٢

**تێبینی::**

**لەژێر فشاری جەماوەری و ڕای گشتیدا دەسەلاتدارانی سلێمانی ناچاربوون دەستیگرکراوەکان ئازاد بکەن، کە هەمویان لە زیندانی تاکە کەسیدا ڕاگیرابوون.**

**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤاییەر: 07700475533
muhsin_km@yahoo.com

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

**ئازادیی مانگرتن، خۆپیشاندان، کۆبونەوەو نارەزایەتی دەربڕین مافێکی سەرەتایی خەڵکەو هەرجۆرە ڕێگری و تەنگەبەرکردنەوەیەکی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە تاوانە!**